ئیبراهیم جەعفەری :

# حکومەتی ئایندەی عێراق,حکومەتی هەموو تایەفەکانی عێراق دەبێت !

**تاهیرحەسەن**

2005/2/28

ئەمە ڕاگەیاندنێکە کە دوێنێ ئیبراهیم جەعفەری کاندیدای بەرەی ئیسلامی یەکگرتووی عێراق بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەردەم کەناڵە جیهانی ومحەلیەکاندا لەشاری بەغداد ڕایگەیاند !.

ئەم ڕاگەیاندنە بۆ هەر کەسێك کە چاودێری ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووی عێراقی کردبێ شتێکی تازەی تێدا نیە وچاوەڕوانکراو بوو. سیناریۆیەك کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەمێژ بوو بەڵێنی بە خەڵکی عێراق دابوو بۆیان بەدیبهێنێ وگوایە دەبێتە نموونەجێکی تاقانەی دیموکراسی لە عێراق و ناوچەکەدا, هەر ئەمەی لێدەکەوێتەوە.لە دیموکراسی تازە داهێنراوی ئەمریکادا بۆ وولاتانی شەرق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست, هاوولاتیانی هەر جوگرافیایەك بە ناسنامەی ئینسانیانەوە ناچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, تەنانەت بە ناسنامەی هاوولاتی بوونیشیانەوە دەنگ نادەن, بەڵکو دەبێ بەر لەوە ناسنامەی عەشیرەتی وتایەفەییان کە100لەوبەر بۆیان چنیون ودەمێکە خەڵکی لە فەرهەنگی ئینسانی خۆیاندا بەزبڵدانی مێژوویان سپاردووە دەربهێننەوەو ئینجا بچن دەنگ بدەن بەو کوێخایەی کە وەك نوێنەری ئەوان دیاریکراوە. کۆمەلگەی ئینسانی تا ئێستا جگە لە دیموکراسی پەرلەمانی و دیموکراسی خەڵکی ودیموکرسی فرەحزبی و.... زیاتریان لە فەرهەنگی سیاسی سەرمایەداریدا نەبیستووە, دیموکراسی تایەفەیی تازەیە, ئەمەریکا ڕاست دەکات, بەڕاستی نموزەجێکی تازەیەو کەم وێنەیە لەم هەزارەی سێهەمەدا, لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیای بێ ئەوپەرو ئەنفۆرماتیك و بەزاندنی سنوورو جوگرافیاکاندا!.

لە هەڵبژاردنکێدا کە هاوولاتیان بە ناسنامەی تایەفەییانەوە بچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, بێشك دەسەڵاتی دوای ئەو دەسەلاتی تایەفەیی دەبێت. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاو کوێخاکانی تایەفەیی پەنای دەستی وتەنانەت زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ناسیونالیستی عەرەبی وکوردی, ئەم سیاسەتە بەوە پاساو دەکەن ودەڵێن , ئەوە پێکهاتەی نەسیجی کۆمەلگەی عێراقە, ئەمریکا چی بکات؟. چی لەوە دیموکراسی ترە کە نیزامێك دیاری بکەیت هەموو ئەم پێکهاتانەی نەسیجی کۆمەلگەی عێراق نوێنەرایەتی بکات؟!.

بۆئەوەی ئینسان لەم فریوکاریە تێبگات خراپ نیە ئەگەر بەهەمان پێوانە کە دەڵێن ودیموکراسیەکەیانی پێ دەپێون, تەماشایەکی پێکهاتەی نەسیجی کۆمەلگەی ئەمریکا وەك دەڵێن بکات.

کۆمەلگەی ئەمریکی, پێکهاتووە لە ڕەش پێست وسپی پێست, لە کاسۆلیك وپرۆتستانت وباڵەکانی تری مەزهەبی مەسیحی, لەهیندە سوورەکان, لە عەرەبی ئەمریکی , لەژاپۆنی وچینی وخوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیایی , لەموسڵمان و سیخ و بوزی و..... سەرئەنجام بەو پێوانەیە بێت, نەسیجی کۆمەلگەی ئەمریکی زۆر لە نەسیجی کۆمەلگەی عێراقی ئالۆزترە. تەنیا ئەوەندە بەسە ئینسان بۆ لەحزەیەك ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کە دەسەلاتێك لە ئەمریکادا بێتە ئاراوە کە کورسیەکانی دەسەلات بەسەر هەموو ئەو پێکاهاتانەدا دابەش بکات ولەبەرامبەر یەکتردا ڕایان بگرێت, چ کارەساتێك بەسەر کۆمەلگەیەکی چەند سەد ملیۆنی وەك کۆمەلگەی ئەمریکادا دێت؟!. بەلاّم سەرباری ئەو نەسیجە ئالۆزەی پێکاتەی کۆمەلگەی ئەمریکی, وەختێك جەنابی بووش قسەدەکات هەر دەڵێ گەلی ئەمریکا, خەڵکی ئەمریکا, کۆمەلگەی ئەمریکی و ئەگەر بۆ یەك جاریش ناوی لەوە کەمتر بڵێ میدیاکان ئابڕووی دەبەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی جەنابی بووش ئەم پێوانەیە تەنیا بە بالاّی خەڵکی عێراق دەگرێت. بۆچی وەکو دەسەلاّتە سەرمایەداریەکەی ئەمریکا دەسەلاّت و قانوون ودەستوورێکی هاوشێوەی ئەمریکا لە عێراقدا دانامەزرێنێ؟!. چونکە بەدەرلەوەی بۆ ئەوە نەهاتووە و هیچ کاتێك ئەوە لەبەرنامەیدا نەبووە, بەڵکو ئەگەر دامەزراندنی دەسەلاّت لە ئەمریکادا لەسەر ئەو پێناسەیە بوایە, ئەمڕۆ شاهیدی وولاّتێکی پێشکەوتوو وئابووریەکی غۆل ئاسای وەك کۆمەلگەی سەرمایەداری ئەمریکا لە هیچ بارێکەوە نەدەبووین. ئەگەر دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا دامەزراندنی ئاوها نیزامێك لەبەرنامەیدا بوایە,یان تەنانەت جێگای پشتیوانیشیبو وایە, ئابلۆقەی ئابووری لەسەری شیری منداڵانی عێراق دانەدەنا, ئەگەر وابووایە چەقۆکێشانی تالیبانی بەدەسەلاّت نەدەگەیاند, ئەگەر وابووایە چەندین دەهە نەدەچووە ژێر باڵی سەدام حسێنیەکانی ناوچەکە!.

بۆ دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ئیسلامی سیاسی هیچ عەیبێکی نیە, دەسەلاّتی تایەفەیی هیچ عەیبێکی نیە , پڕبوونی زیندانەکان لە ئازادیخوازان وپەرەگرتنی قەتڵی نامووسی ولەخوێن هەڵکێشانی ژنان وبێ ئیرادەکردنی لاوان و شەقارشەقارکردنی کەللەو نێوچاوانی نەجەف وکەربەلا لە مەراسیمی عاشورادا, دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینەو عەیبی نیە, تاساندنی مافەسەرەتاییەکانی خەڵك بەدەسەتی دەسەلاّتی تایەفەیی سبەینێی جەعفەری و سیستانی و دوێنێی ڕژێمی بەعس قەیدی نیە, پلەدووبوونی ژنان ودوورخستنەوەیان لە تەواوی مەیدانەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی وسیاسی وئابووری لە شێخ نشینەکانی کەنداو قەیدی نیە, بەمەرجێك ئەم دەسەلاّتانە هەتا تاوەرەکانی

ناوەندی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك پێ درێژ نەكەن, بەمەرجێك وەك سیستانی وتاڵەبانی وبەرزانی وچەلەبی وعەللاوی دۆستی ئەمریكا بن و مودەمیرەی كۆل بە بێ مەترسی لە دەریای سوور وكەنداودا مەلە بكات و بنكەو پایگاكانی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق وناوچەكەدا پارێزراو بێت.

هەرچەندە هێشتا بەدوور دەزانرێ كە ئەم تێكەڵاوە لە دەورو دوكانی شیعەو سوونە و قەومی و عەشیرەتی و تایەفەیی كە تا سەر مۆخیان غەرقی نا ئینسیجامی و ناكۆكین , بتوانن حكومەتێكی سەقامگیر لە نزیك ماوەدا دابمەزرێنن , بەلام ئەوەی كە نابێت بە هیچ شێوەیەك خەڵكی ئازادیخواز و مۆدێرنی عێراق كەمترین گومانیان لێی هەبێت, ئەوەیە كە ئەگەر ئێمەو خەڵكی موتەمەدینی عێراق كەمترین بوار بدەین, پرۆژەی ئەمریكاو ئەو هێزانەی كە جێبەجێكەرین, هەر ئەوەیە كە جەنابی ئیبراهیم جەعفەری ڕایگەیاند.

( حكومەتی ئایندەی عێراق, حكومەتی هەموو تایەفەكانی عێراق دەبێت ). ئەم حكومەتە ئەگەر بچێتە سەر تەنیا نوێنەرایەتی ئەو كوێخایانە دەكات كە بە پەنجەمۆری بەشێك لە خەڵك لەسەر كورسی دەسەلات دادەنیشن. لەم حكومەتەدا ژنان دەبێ ژن بوون وبێ ماف و پلەدوویی خۆیان لەبیر بەرنەوەو بۆ پرسینەوە لە هەر مافێكیان بچنە سۆراغی سەرەك تایەفەكەی خۆیان كە لیستێك ژنی بۆ خۆی ڕیزكردووە, تا بزانن دنیا چ خەبەرە. لەم حكومەتەدا كرێكاران لەجیاتی ڕێكخراوی چینایەتی خۆیان, تایەفەیان هەیە, ئەویش لە كوردستان ئیمامێك سەرۆكە ولە ناوەڕاست یەكێكی ترو لە خوارووی عێراق جەنابێكی تر, تایەفەكانیان ڕێكخراوەو ئیتیحادیەو سەندیكاكانیانە!. لەم حكومەتەدا فووتابیانی زانكۆكانی بەغدا وموسڵ وبەسرەو سلێمانی وهەولێر دەبنە موريد وفەقێ و زانكۆكانیش دەبنە تەكیەو خانەقا و لەجیاتی فێربوونی زانست وزانیاری سەردەم, دەبێ لەبەردەرگای سەرەك تایەفەكاندا بووەستن تا دەستی تەبەرۆك بەسەریاندا بهێنن تا لەبەلا بەدوور بن!. لەم حكومەتەدا ژنان ولاوان و خوێندكاران وكرێكاران و فەرمانبەران بوونیان نیە, بەڵكو ئەمانە دابەشكراون بەسەر تایەفەكانداو ئیمامەكانیشیان وا لەپەرلەمان دانیشتوون و جەنابی ئیبراهیم جەعفەریش قەرارە سەرقاڵی جێبەجێكردنی خواستەكانیان بێت !. هەر كەسێك دەیەوێ مافەكانی بزانێ وبناسێ, ناسنامەی تەسدیقكراوی تایەفەكەی لەگەڵ خۆی بەرێت و بچێتە خزمەتی سەرەك تایەفە تا بزانێ چی بەرئەكەوێ !!.

ئێوە بلێن دەسەڵاتی وەها لە چ سیستەمێكی دەسەڵاتدارەتی ئەم سەردەمەدا هەیە. بەڕاستی دەسەڵاتێكی وەها ئەگەر بگیرسێ سەدام حسێن لە كوشتارو پلەدوویی ژنان وقەتڵی ناموسی و پێشێلكردنی ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕاو و خۆپیشاندان وبەڕێوەبردنی ئاپارتایدی قەومی و ڕەگەزی, سەد جار رووسپی دەكات.

هەوڵدان بۆ جێگیرنەبوونی ئاوها نیزامێك, ئەركی هەموو كەسێكە كە نزیكایەتی لەگەڵ تەنانەت شارستانیەتی ئەم سەردەمەشدا هەبێت. ژنان لەنێو ئەم دەسەلاتەدا گەورەترین قوربانیان دەبن, بۆیە 8 ی مارسی ئەمساڵ گۆشەیەكی گرنگە لە خەباتێكی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی عێراق بۆ دەركێشانی كۆمەڵگا لە سیناریۆی ڕەشی ئێستا.